**رووداوەکان پشت هەڵبژاردنی پارێزگارە کوردەکەی کەرکوک**

عەلي مەحمود محەمەد

١٠ی ئاب لە کۆبوونەوەیەکی داخراودا بە زۆرینەی ٩ کەس لە کۆی ١٦ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك, لە میوانخانەی رەشید لە شاری بەغدا لە دووری ٢٥٨,٦ کیلۆمەتر لە تەلاری ئەنجومەنەکە, رێبوار تەها وەك پارێزگاری نوێ بۆ شاری کەرکوك لە لیستی کەرکوك هێزو ئیرادەمانەی ینك هەڵبژێردرا, بە بێ ئاگادارکردنەوەی ٧ ئەندامەکەی دیکەی ئەنجومەن کە دەکاتە ٤٥%ی ئەندامانی ئەنجومەنەکە,کۆبونەوەکە بە بەشداری ٥ ئەندامی ینك , ٣ عەرەبی سونە, ئەندامێکی کریستانەکان "ئنجیل زیا شیبا زیا ئەلبەرواری بە ٢٠٨ دەنگی ینك ببوو بە ئەندامی ئەنجومەن, هەڵبژاردنی ئەو لە فۆرمی هەڵبژاردنی مونا قەهوەچییە بۆ پەرلەمانی کوردستان, بە دەنگ لیوا تایبەتەکانی ینك لە بەغدا هەڵبژێردرا بوو, خۆی وپیاوەکەی کارمەندی تیڤی کەرکووکی ینك ن, بەلام بە ناوی لیستی بابلیونی رەیان کلدانی کە سەر بە کەتایبی بابلیونی حەشدی شەعبییە خۆی کاندید کردبوو, رەیان کلدانی بە بنەچە کریستانەو خەڵکی قوشە لە پارێزگای موسڵ, بەڵام دانیشتووی شاری سەدرە, سەرۆکی کەتیبەی بابلیونە, لە رێکەوتی ١٨-٧-٢٠١٩ ەوە لە لیستی سزادراوانی یاسای ماغنیستی ئەمەریکادایە بەهۆی گەندەڵی و داگیرکردن و فرۆشتنی زەوی هاوولاتیان لە دەشتی موسڵ و پەلاماردانی ئافرەتان و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ , ئەو دژە ئیسلامی سونەیە تا ئاستی راستیزم , لە موسڵ وەحشیانە لە گەڵ پێکهاتەی سونە مامەڵەی کردووە, کەنیسەکانی کریستانەکان بێ بەری خۆیان لە کەتیبەکەی راگەیاندووە , یەکێك لە نزیکەکانی قاسم سلێمانی و مەهدی موهەندیس بووە, پێشتر لە سوپای مەهدی بووە, بەهۆی ژنخوازییەوە بووە بە موسڵمانی شیعە, ٤ پەرلەمانتارەکەی لە کۆتای کریستان بەهەمان شێوەی کاندیدەکەی کەرکووکی دەرچوونە, چاودێرانی کریستان پێیان وایە تەنها ١٠٪ی کریستانەکان دەنگیان بە لیستەکەی داوە, بە فێڵ کورسیی کریستانەکانی بۆ خۆی بردووە".

کوردو پۆستی پارێزگا

بۆ پێکهاتەی کورد پۆستی پارێزگای کەرکوك گرنگییەکی مەعنەوی هەیە لەم کاتەدا دوای ٧ ساڵ پەراوێز خستنی لە شارەکە, بە تایبەت بۆ ینك کە لە قەیرانی رێکخراوەیی قوڵدایەو بەرەو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەڕوات, بەم پۆستە دەتوانێت هەندێك لە زیانەکانی کەمبکاتەوە, هەرچەندە تا ئێستا ناوێرێت ناوەڕۆکی رێکەوتنەکە بڵاو بکاتەوە بۆ رایگشتی. رێبوار تەها سێیەم پارێزگاری کوردە لە کەرکووك, لە دوو پارێزگاکەی پێشووتر لاوازترە بەهۆی ئەوەی: لە لیستەکەی خۆی دەنگی یەکەم نەبووە "

نەشئەت شاهویز خورشید عەلی ٤٢١٦٦ دەنگی هێناوەتەوە, رێبوار تەها ئەحمەد شێخانی ٢٩٨٦١ دەنگی هێناوەتەوە, لە کاتێکدا رێبوار سەرۆکی لیستیش بووە , رێژەی دەنگەکانی دەکاتە ٧٠,٨٪ی دەنگەکان نەشئەت" , هەروەها لە رابردوودا لێکتێگەیشتن بەهۆی سیاسەتی پراگماتیکی جەلال تاڵەبانییەوە هەبووە لەناو لایەنە کوردییەکان بۆ پشتیوانی هەردوو پارێزگاکەی پێشوو, کەسایەتییەکی بەهێزو پێگەیەکی گرنگی سیاسی لە کوردستان و عێراق و ناوچەکە هەبوو, هەموو پارتەکان پشتیوانییان لێ دەکرد, هەروەها پارێزگارەکان رابردوو بەهێزتر و رۆشنبیرتر بوون, پارێزگاری ئێستا وێڕای پشتیوانی جەماوەری و حیزبی کەمترەو حیزبەکەشی لە ئێستادا زۆر لاوازترە و کەسایەتی حیزبی بەهێزتر لە لایەنەکەی خۆی لە شارەکە هەیە ئەمەش وا دەکات لە شارەکە وەك سێبەری ئەو دەربکەوێت, وە هاتۆتە سەر ئیدارەیەك شارەکە بە چەکداری حەشد داگیرکراوە,٧ ساڵ لەمەوپێش بە شکستێکی سەربازی گەورە پێکهاتەکەی لە شار دەرکراوە, هاوکات لە کابینەی میوانخانەی رەشیددا کورد لاوازتر دەرچووە, هیچ پۆستێکی ئەمنی شارەکەی پێ نەدراوە, نفوس و تاپۆو کشتوکاڵ و هەردوو قەزای دوبس و داقوقی پێ نەدراوە کە هەر پێنجی بۆ دۆسیەکانی گرنگن, وە لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گرنگدایە بۆ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و...... ئەمە وێڕای خودی رێککەوتنەکە بە ئاشکرا و بەشداری نەیاران ئەنجام نەدراوەو بەشێوەی دیموکراسیانە دەنگی پێ نەدراوە و لە رووی یاساییەوە کەلێنی تێدایە وەك نەیارانی ئاماژەی پێ دەدەن.

پێکهاتەی عەرەب

له رێکەوتننامەی هوتێل رەشید ٣ ئەندامی لیستە عەرەبییەکان بەشدار بونە لە کۆی ٦ کورسی کە هەیان بوو بەشدار بوون.
گرنگترین خاڵی رێکەوتننامەی میوانخانەی رەشید کەرتکردنی لیستی عەرەبە سونەکان بوو, بەرامبەر بە پارە و بەخشینی پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و زیاتر لە ٢٠ پۆست لە شاری کەرکوك .
پێشتر پێکهاتەی عەرەبی سوونە هاوپەیمانی نزیکی پارتی بوون, لەگەڵ بوونی یۆنامی و سوپای ئەمەریکا لە عێراق بە هەموویانەوە رێگربوون لەبەردەم ئەوەی پارتە شیعە ئیسلامییەکان عێراق بتوانن بە سیناریۆکانی ئێران لە عێراقدا بەرەو دەوڵەتێکی ئیسلامی شیعەگەرای ناوەندی برۆن و نەیارییەکان بەردەمیان هەڵبگرن, بەم رێکەوتنە سونەکان ریزەکانیان کەرت بوو, هەرچەندە باڵی بەشدار بوو وەك خاین لە شەقامی سونەکان سەیر دەکرێن, لە هەڵبژاردنی داهاتوو شەنسیان کەمتر دەبێت, عەرەبە سونەکان بڕبڕەی پشتی دەسەڵاتی بەعس بوون, کورد تاڵی زۆری بەدەستیانەوە بینی تا ئەنجامدانی ٤ پرۆسەی جینۆساید, بۆیە پشتیوانی جەماەری شەقامی کوردی نییە بۆ ئەو هاوپەیمانییە.
ئەم رێکەوتنەی شیعەکان کردوویانە, بە پشتیوانی ئێرانییەکان بووە, قەیس خەزعەلی ئەمینداری عەسائیبی ئەهلی هەق زامنی کردووە, پردی بە یەکگەیشتنی نێوان پاڤێل تاڵەبانی و رەیان کلدانی و محەمەد حەلبوسی بووە , بە بەشداری کوتلەی ینك لە حکومەتی عێراق لە بەغدا, لە هاوکێشەکە تەنها حەلبووسی کارەکتەری نوێیە و هێنراوەتە ناو بازنەکەوە, هەرچەندە نە عەرەبی شیعە و نە تورکمانی شیعە هیچ کورسییەکیان لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بەدەست نەهێناوە, کەچی پەرلەمانتارێکی تورکمانی شیعە سەر بە بەدر بەشداری کۆبوونەوەکە بووە وەك نوێنەری تورکمان, هەرچەندە لیستی تورکمان و عەرەبە شیعە لە کەرکوك دۆڕاون لە هەڵبژاردنەکە.
حەلبوسی میوانە تازەکە بووە لە رێکەوتنەکە, پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکی وەرگرتووە, بەهۆی ئەم رێکەوتنەو کەرتکردنی ناو ماڵی عەرەبی سونە چاوی لە سەر پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی عێراقیشە لیستەکەی بەدەستی بهێنێت, بە پاڵپشتی شیعەکان و ینك و رەیان کلدانی, وەك پاداشتێك بۆ ئەم رێکەوتنەی کە باجەکەی گرانە بۆی لە

شەقامی سونە کە کەرتکردنی دەنگی عەرەبی سونە بووە بۆ یەکەمجار لە ٢١ ساڵی رابردوو.
ئەرکی پاڤێل لەم رێکەوتنە تەنها واژۆکردن بووە, لە مەتبەخی ئێران و شیعەکان خواردنەکە ئامادە کراوە, پاڤێل تامکردەنەکەشی بەدەست نەبووە, ئەرکی تەنها خواردن ی بووە, خواردنەکەش لە نێوان هەنگوین و پیاڵە ژەهرەکە بووە, لە ئێستادا تا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان تێدەپەڕێت تامی هەنگوینەکەی لە دەم دەمێنێ.

ئێرانییەکان چییان دوریيەوە
ئەم رێکەوتننامەیە بۆ ئێرانییەکان گەورەترین سەرکەوتن بوو, لە هەنگاوە کۆتاییەکە کە دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی شیعەگەرایە لە عێراق چەندین فرسەخ نزیکیانی کردەوە, کورد جگە لەوەی خۆی بە لاوازی دەرچووو, ماڵی عەرەبی سونەشی وێران کرد,بۆ شیعە کردیانی بە دوو بەشەوە وەك خۆی کەرتیانی کرد.
ئەوەی ماوەتەوە بڵێم ئەوەیە ئیتر ئەم تەرزە لە پێکهێنانی حکوومەت ئەگەری هەیە ببێتە نەرێت لە عێراقدا کە پێشتر لە پارێزگای دیالە تاقیکرایەوە, شیعەکان کەی ویستیان گروپێك ببەن بۆ میوانخانەیەکی بەغداو ستراتیجیەتی خۆیانی پێ جێبەجێ بکەن بەرامبەر هەر لایەنێك رێگر بێت لە بەردەمیان.
ئەگەر شیعەی عێراق شانسی ئەوەیان هەبێت لە دەسەڵاتدارێتی عێراق بەردەوام بن, ئەوجا بۆمان دەردەکەوێت رێکەتننامەی بەم شێوەیە چۆن لە پیادەکردنی دەسەڵاتێکی فاشیستی نزیکیان دەکاتەوە.
ئێرانییەکان چۆن بۆ تورکمانە تۆڕانییە سونەکان ئەلتەرناتیفی تورکمانی شیعەیان سەر بە بەدر ئامادە کردبوو, لە داهاتوودا بۆ عەرەبەکان و کوردەکانیش عەرەب و کوردی شیعە ئامادە دەکەن, پێویستیان بەم فاکتەرانەی ئێستا نامێنێت.

٠٠٩٦٤٧٥٠٣٧١٤٦٢٠